حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی کار وکاروباری کۆمەڵایەتی
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کار ودەستەبەری کۆمەلایەتی
سکرتاریەتی ئەنجومەنی کارگێڕی

حكومة إقليم كوردستان-العراق
مجلس الوزراء
وزارة العمل والشؤون الاجتماعية
المديرية العامة للعمل و الضمان الاجتماعی
سكرتارية مجلس الادارة

ژمارە: ١١٦٢٩
ڕێکەوت:٢٧٢٦ی کوردی

ژمارە:
ڕێکەوت: ٢٧ /٨ /٢٠٢٦

وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارودەستەبەری کۆمەڵایەتی
ژمارە
ڕێکەوت
دەرچوو

**بۆ/ بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران/هەولێر- سلێمانی- دهۆک- هەڵەبجە- سۆران- گەرمیان- زاخۆ**

**بابەت/ ڕێکاری (دانەوەی قەرزی پارەی بەشدارییەکانی خاوەنکاران لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی بە شێوەی قیست)**

پاڵپشت بە برگەی (شازدە) لە کۆنوسی کۆبونەوەی ژمارە (١٩٢) سەد و نۆهەت و دووی ئەنجومەنی کارگێڕی خەزنەی خانەنشین و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران کە پەسەندکراوە لەلایەن وەزیر.
ڕێکاری (دانەوەی قەرزی پارەی بەشدارییەکانی خاوەنکاران لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی بە شێوەی قیست) بۆ ڕەوانە دەکەین.
بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست بە پێی یاسا ڕێنماییەکان. لەگەڵ ڕێزدا.......

هاوپێچ:

- ✓ وێنەیەک لە ڕێکاری (دانەوەی قەرزی پارەی بەشدارییەکانی خاوەنکاران لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی بە شێوەی قیست).

**مەریوان بەگۆک عزیز**
**بەڕێوەبەری گشتی بە وەکالەت**
**بڕیاردەری ئەنجومەن**
**٢٧/٨/٢٠٢٦**

وێنەیەک بۆ/

- ✓ سکرتێری بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی.
- ✓ ب. پشکنین و بەشدارییەکان.- ب. کاروباری یاسایی.
- ✓ پۆستی ئەلیکترۆنی.
- ✓ سکرتاریەتی ئەنجومەنی کارگێڕی لەگەڵ بەراییەکان.
- ✓ خولاو.

٢٠٢٦/٨/٢٤ گۆران

# ڕێکاری دانەوەی قەرزی بەشداریەکانی خاوەن کاران لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی بەشێوەی قیست

بەمەبەستی بەدەستهێنانەوەی قەرزەکانی بەشداریەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بەپێی مادە (٣٠) یاسای خانەنشین و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران ژمارە ٣٩ ساڵی ١٩٧١ هەمواركراو و ڕەچاوکردنی بارودۆخی دارایی خاوەن کاران، پاڵپشت بە ماددەی (نۆیەم) خاڵی (ز) یاسای سەرەوە هەروەها ڕێنمای ژمارە ١ ساڵی ٢٠٢٠ (ڕێنمایی دەستەبەری کۆمەڵایەتی)، بڕیارماندا بەدەرکردنی ڕێکاری دانەوەی قەرزی بەشداریەکانی خاوەن کاران لە دەستەبەری یەکانی کۆمەڵایەتی بەشێوەی قیست، بەم جۆرەی خوارەوە:

یەکەم / ڕێکارە کارگێڕییەکان:

١- پێویستە خاوەن کار یان بریکارەکەی (بەپێی بریکارنامەی گشتی) بە یاداشتێك داواکاری پێشکەش بە دەستەبەری کۆمەڵایەتی بکات و پاساوی نەدانی قەرزەکەی بەیەکجار بخاتەڕوو و هۆکارەکان جێگای پەسەند بن.

٢- دوای هاتوو کردنی یاداشتی داواکاری دانەوەی قەرز بەقیست، ئەگەر پەسەند کرا لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری، یان ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەڕایەوە، بەپێی ئەو دەسەڵاتە کارگێڕیانەی لەو ڕێکارە دیاری کراون، ئەوا بڕیاری کارگێری بە دانەوەی قەرزەکانی پرۆژەکە بەشێوەی قیست دەردەکرێت و وێنەیەکی بۆ زانین ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی دەکرێت.

٣- بەڕێوەبەرایەتیەکانی دەستەبەری لەلایەن خۆیان دۆسیەیەکی تایبەت بەبڕیارەکان و بەراییەکانی ڕێکارەکانی قیست دروست دەکەن، لە مانگی ٦ و مانگی ١٢ی هەر ساڵێك ڕاپۆرتی ٦ مانگی بەنوسراو ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی دەکەن سەبارەت بەو قەرزانەی کراون بەقیست بەم شێوەیە:

| ز | ناوی پرۆژە | ژ.دۆسیە | ڕێکەوتی یەکەمی قەرز | دوایین ڕێکەوتی قەرز | بڕی قەرز بڕی ١٢٪ بێ سزای دواکەوتن | بڕی ٥٪ بێ سزای دواکەوتن | بڕی گشتی قەرز١٧٪ لەگەڵ سزای دواکەوتن | ڕێکەوتی بڕیاری قیست | ژمارەی قیستەکان | ڕێکەوتی دوایین قیست بەپێی بڕیاری قیست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | | | | | | | | | | |
| ٢ | | | | | | | | | | |

٤- لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وێنەی بڕیارو بەراییەکانی قیست لە دۆسیەیەکی تایبەت هەڵدەگیرێت لەبەشی ژمێریاری و ڕاپۆرتی ٦ مانگی لەسەر ئامادە دەکرێت و پێشکەشی بەڕێوەبەری گشتی و ئەنجومەنی کارگێری دەکرێت.

دووەم/ دەسەڵاتە کارگێڕیەکان:

١- ئەگەر بڕی قەرز کەمتر بێت لە (٥) پێنج ملیۆن دینار، بەڕێوەبەرایەتیەکانی دەستەبەری لەلایەن خۆیانەوەی بەپێی ئەم ڕێکارە کاری پێویست ئەنجام دەدەن بەبێ بەرز کردنەوەی بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی، بەو مەرجەی قەرزەکە لە ٣٠ قیست زیاتر دابەش نەکرێت.

کۆنوسی دانیشتنی ژمارە (١٩٢ لە ٢٠٢٦/٧/٣٠)

٢- بڕی قەرز هەرچەند بێت، تا ١٥ قیست دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتیەکانی دەستەبەریە داواکاری قیست پەسەند بکەن و بڕیاری پێ دەربکەن، بەپێی ئەو هۆکارانەی لە داواکاری خاوەن کار پێشکەش کراون.

٣- بەڕێوەبەرایەتیەکانی دەستەبەری لەکاتی بەکارهێنانی دەسەڵاتیان بەپێی دووخاڵی سەرەوە، دەبێت ڕەچاوی مەرجە گشتیەکان کە لەم ڕێکارەدا هاتوون.

٤- هەر خاوەن کارێك داوای دانەوەی قەرزەکەی بە شێوەی قیست بە زیاتر لە ١٥ قیست بکات، ڕێکارە کارگێڕیەکان کەلەم ڕێکارەدا هاتوون، لە بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری دەگیرێنەبەرو بۆ مەبەستی بڕیاردان بەرز دەکرێتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی.

سێیەم/ هەژمار کردنی قەرز و سزاو قیستەکان:

١- ڕێکاری دانەوەی قەرز بە شێوەی قیست تەنها قەرزی بەشداریەکانی خاوەن کار و کۆی سزاکانی دواکەوتن لەسەر گۆژمەی گشتی قەرز ١٧٪ دەگرێتەوە، واتە کۆی قەرزی ١٢٪ ی خاوەن کار لە بەشداریەکانی پرۆژەکە و سەرباری سزای دواکەوتنی گشت گۆژمەی قەرز. (قەرز = بەشداریەکانی خاوەن کار ١٢٪ + گشت سزاکانی دواکەوتن).

٢- بەشداریەکانی کرێکاران ٥٪ بەهۆی ئەوەی بەپێی مادده ٢٩ یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی پێویستە بەشداری کرێکاران لەکاتی خۆی دا وەربگیرێت و کۆ نەبێتەوە، ئەگەر کۆببێتەوەو لەکاتی خۆی وەرنەگیرابێت ئەوا ئەم برەش ٥٪ دەکەوێتە ئەستۆی خاوەن کار، بۆیە ڕێکاری قیست کردن نای گرێتەوەو بە یەکجار ویەک گۆژمەی کۆکراوە بۆ گشت کرێکاران بەشێوەی پێشەکی وەردەگیرێت.

٣- بۆ مەبەستی دیاری کردنی بڕی قیستەکان، کۆکراوەی قەرزی بەشداریەکانی خاوەن کار ١٢٪ و سەرجەم سزای دواکەوتنی لەسەر گۆژمەی گشتی قەرز دابەشی ژمارەی ئەو قیستانە دەکرێت کە خاوەن کار داوای بەقیست کردنی کردووە.

(بڕی هەر قیستێك = بەشداریەکانی خاوەن کار ١٢٪ + سزاکانی دواکەوتن÷ ژمارەی قیستەکان)

٤- سەبارەت بە هەژمار کردنی سزای دواکەوتن، ڕێکەوتی دەرچوونی بڕیاری دانەوەی قەرز بەشێوەی قیست لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی بەڕێکەوتی وەستانی سزاکانی دواکەوتن هەژمار دەکرێت.

چوارەم/ دابەش کردنی گۆژمەی قەرزو ژمارەی قیستەکان:

١- بەپێی بڕی قەرزەکان نابێ دانەوەی قیستەکان دابەشی زیاتر لە ژمارەی ئەو قستانە بکرێن کە لەخشتەی خوارەوە لەبەرمبەری دا هاتووە:

| # | بڕی قەرز | ژمارەی قیست |
|---|---|---|
| ١ | ١٠ ملیۆن دینار یان کەمتر | ١٥ قیست |
| ٢ | ١١-٣٠ ملیۆن دینار | ٢٠ قیست |
| ٣ | ٣١- ٥٠ ملیۆن دینار | ٢٥ قیست |
| ٤ | ٥١ ملیۆن دینارو زیاتر | ٣٠ قیست |

٢- بەپێی داهاتی بەشداریەکان لە بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتیەکان و پارێزگاری کردنی لە نەختینەو پاراستنی سامانی خەزنەی دەستەبەری، نابێ گوژمەی گشتی ئەو قەرزەی بۆ هەموو پرۆژەکان لەهەر بەڕێوەبەرایەتیەکی دەستەبەری کراوە بەقیست بەهیچ جۆرێک نابێت لە ڕێژەی ٢٥٪ی کۆی داهاتی ساڵی پێشوتری زیاتر بێت.

پێنجەم/ ئەو قەرزانەی ئەم ڕێکارە نایان گرێتەوە:

١- ئەگەر خاوەن کار لەسەر نەدانی قەرزی بەشداریەکان یان بەهۆی نەدان و شاردنەوەی زانیاری ئاراستەی دادگا کرابێت وبڕیارەکە لە بەرژەوەندی بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری دەرچووبێت ئەوا قەرزی ئەم خاوەن کارە ناکەوێتە بەر ئەم ڕێکارە.

٢- ئەگەر بڕی قەرز لە (٢) دوو ملیۆن دینار کەمتر بێت داواکاری دانەوەی بە شێوەی قیست لەسەر وەرناگیرێت.

٣- ڕێکاری قیست قەرزی ئەو پرۆژە بەڵێندەرایەتیانە ناگرێتەوە کە گوژمەی پارەی پرۆژەکەیان بۆ خەرج کراوە، لەبەر ئەوەی گوژمەی پرۆژەکانیان بۆ خەرج کراوە پێویست بوو بەلایەنی کەمەوە لەکاتی خەرج کردنی گوژمەکان قەرزەکانی دەستەبەری بگێرنەوە، سەبارەت بەو پرۆژە بەڵێندەرایەتیانەی کە بڕیاری قەرزیان بۆ دەرچووە هەرکات داوای ئەستۆپاکی بکەن بۆ مەبەستی خەرجی پێشنیە یان گوژمەکانی پرۆژە ئەوا دەبێت بەیەك جار پارەی ماوەی قیستەکە بدەن و ڕێکاری قیست کاری پێ ناکرێت، پاڵپشت بە ماددەی سێیەم/ بڕگەی یەکەم/ ڕێنمایی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران ژمارە ١ ساڵی ٢٠٢٠.

٤- هەرپرۆژەیەک مۆڵەتی هەڵوەشابێتەوە بەپێی نوسراوو بەڵگەنامەی لایەنی تایبەتمەند بە پێدانی مۆڵەت بە پرۆژەکە، داواکاری قیستی لێ وەرناگیرێت، پێویستە قەرزەکەی بەیەک جار بدات.

٥- ئەگەر ماوەی قەرزەکە کەمتر بێت لە ٦ مانگ تارێکەوتی داواکاری خاوەن کار بۆ کردنە قیست، ئەوا داواکاریەکەی وەرناگیرێت بڕی قەرزەکەی هەرچەندێک بێتَ پێویستە بەیەک جار بیدات.

شەشەم/ هەڵوەشانەوەی بڕیاری دانەوەی قەرزەکان بەشێوەی قیست وکاریگەرییەکانی:

ڕێکاری قیست هەرچەندە بڕیاری پێ دەرچووبێت لەم حاڵەتانە هەڵدەوەشێتەوە:

١- ئەگەر لەماوەی قیستەکە دەرکەوت خاوەن کار پێشتر زانیاری هەڵەی پێشکەش کردبێت، یان شاردنەوەی زانیاری لەکاتی ماوەی قیست ئەنجام بدات یان زانیاری ناڕاست پێشکەش بکات.

٢- ئەگەر بەهەر هۆکارێک خاوەن کار لەکاتی خۆی دا پابەند نەبێت بەدانی مانگانەی بڕی قیستەکان.

٣- هەر خاوەن کارێک سەرپێچی لەسەر بڕیاری ژمارە ١٧٢ ساڵی ٢٠٢٢ ئەنجومەنی وەزیران بکات سەبارەت بەرێژەی کرێکاری خۆماڵی و بیانی بڕیاری قیستی لەسەر هەڵدەوشێتەوە.

٦- بەهەر هۆکارێک ئەگەر جاری یەکەم ڕێکاری قەرز هەڵوەشایەوە، جارێکی تر داواکاری خاوەن کار بۆ ڕێکاری قیست لەسەر هەمان قەرز وەرناگیرێتەوە بەهیچ بڕو ژمارەیەکی قیست.

٧- بەهەر هۆکارێک ڕێکاری قیست هەڵبوەشێتەوە، ئەوا بڕی قەرزی ماوە (نەدراو) سەرباری گشت سزاکانی دواکەوتنی مانگانە لەسەر ١٧٪ ی بەشداریەکان هەژمار دەکرێتەوە لە یەکەم ڕێکەوتی قەرزاری پڕۆژە تا ڕێکەوتی پارەدان بەیەکجاری، بە هۆی پابەند نەبوون بەم ڕێکارەوە.

٨- لەکاتی هەڵوەشانەوەی بڕیاری دانەوەی قەرزی بەشێوەی قیست بەپێی ئەم خاڵانەی سەرەوە، پێویستە بڕیاری هەڵوەشانەوەی لەکاتی خۆی دا پێ دەربچێت لە بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی و وێنەی زانین ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتیمان بکەن.

٩- بەهەر هۆکارێک ڕێکاری قیست هەڵوەشایەوە، پێویستە بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری ڕاستەوخۆ ڕێکارەکانی جێ بەجێ کردن لەسەر بەدەستهێنانەوەی قەرزەکان بەیەک جار بەپێی یاسای بەدەستهێنانەوەی قەرزە حکومیەکان ژمارە ٥٦ ساڵی ١٩٧٧ بگرێتەبەر.

١٠- هەرکاتێک بڕیاری قیست دەرچوو لە بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری، خاوەن کار نابێ جارێکی تر لەسەر هەمان قەرز داواکاری قیست بەرز بکاتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی بۆ دووبارە دابەش کردنەوەی هەمان قەرز بەسەر قیستی زیاتر.

١١- هەر قەرزێک بڕیاری دانەوەی بەقیستی بۆدەرچوو، ئەگەر خاوەن کار پابەندی خۆی بەپێی ئەم ڕێکارە جێ بەجێ نەکرد جارێکی تر داواکاری دانەوەی قەرزەکە بەقیست لەخاوەن کار وەرناگیرێت.

حەوتەم/ کاریگەرییەکانی دەرچوونی بڕیاری دانەوەی قەرز بە شێوەی قیست:

١- لەرێکەوتی دەرچوونی بڕیاری دانەوەی قەرز بەشێوەی قیست لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی، سزاکانی دواکەوتنی دانەوەی بەشداریەکان دەوەستن.

٢- تا تەواوی قیست و دانەوەی قەرزەکان تەواو نەبێت، بەهیچ جۆرێک ئەستۆپاکی یان نوسراوی هاوشێوە لەناوەرۆک و واتادا نادرێت بەخاوەن کار یان پڕۆژەکە.

٣- تەنها بۆ (مەبەستی نوێ کردنەوەی مۆڵەت و بڕیاری پڕۆژە بەهەمان خاوەن کار)، لەجیاتی نوسراوی ئەستۆپاکی نوسراوی جێ بەجێ کردنی مامەڵەی نوێ کردنەوە دەدرێت بە پڕۆژە کەتیای دا ڕوون کردنەوەی سەبارەت بەقەرزو بەقیست کردنی پڕۆژە لەخۆ بگرێت و ئاماژەی پێ بکرێت ئەم نوسراوە تەنها بۆ یەک جار بەکاردێت، ئەو نوسراوەش بەدرێژایی ماوەی قەرز تەنها یەک جار بەپڕۆژە دەدرێت و لە ناوەرۆکی نوسراوەکە ئاماژە بەوە بکرێت کە وەك ئەستۆپاکی دەستەبەری بەکارنایەت تەنها بۆ مەبەستی پەک نەکەوتنی چالاکی بازرگانی و بازاڕی کارە.

٤- بەهیچ جۆرێک گۆڕینی خاوەنداری بۆ پڕۆژە و پشتگیری گۆڕینی چالاکی ناکرێت تا قەرزەکانی دەستەبەری هەمووی نەدرێتەوە جا کرابێتە قیست یان نەکرابێت.

٥- ئەگەر پڕۆژەکە زیاتر لە یەک خاوەن کاری هەبێت، ئەوا گشتیان وەک یەک بەرپرسن لە دانەوەی قیست و قەرزەکان و هەر دەردەنجامێک.

کۆنوسی دانیشتنی ژمارە (١٩٢ لە ٢٠٢٦/٧/٣٠)

٦- ئەگەر خاوەن کار بڕیاری قیستی بۆ دەرچووبێت و دواتر بەرەزامەندی خۆی ئامادەبێت سەرجەم قەرزەکانی بەیەکەوە بەیەک گوژمە بدات، ئەوا یاداشتێک بۆ ئەم بابەتە پێشکەش دەکات و لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیتان هاوپێچی بەراییەکان بکرێت و کاری پێویست ئەنجام بدەن.

٧- ئەگەر بەپێی بڕیاری دادگا بڕیاری حجز(دەست بەسەرداگرتن) بۆ موڵک و ماڵی خاوەن کار دەرچووبێت ئەوا داواکاری قیست لەو خاوەن کارە وەرناگیرێت.

٨- ئەگەر خاوەن کار ئامادەبوو پێش وەختە دوو قیست یان زیاتر بەیەک جار بدات، ئەوا قیستەکانی لێ وەردەگیرێت و دەتوانێت بۆ ئەو قیستانەی پێش وەختە داویەتی نەگەڕێتەوە بەڕێوەبەرایەتی لەم بارەدا ڕێکاری قیست هەڵناوەشێتەوە.

هەشتەم / جێ بەجێ کردن

١- ئەم ڕێکارە لەڕۆژی دەرچوونی جێ بەجێ دەکرێت.

٢- ئەو قەرزانەی لەسەر ڕێکارەکانی پێشوتر بڕیاریان لێ دراوە وەک خۆیان جێ بەجێ دەکرێن تەنها لەڕوی دابەش کردنی بڕی قەرز بەسەر ژمارەی قیستەکان، بەڵام مەرجەکانی تری هاتوو لەم ڕێکارە جێ بەجێ دەبن تەنانەت لەسەر بڕیارەکانی قیستی پێشوتریش.

٣- لە بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری یەکان لەلایەن هۆبەی یاسایی چاودێری جێ بەجێ کردنی ئەم ڕێکارە دەکات.